

تۆمارێکی تایبەتی دەربــــارەی تـیـپـی نـوانـدنـی سـلـێـمـانـی

* حمە سعید حمە کریم *

بەبۆنـــەی یــادی (١٠) دە ســــالەی دامەزراندنی تیپی نواندنی سلیمانیەوە بە هەلمان زانی ئەم تۆمارە تایبەتیە دەربارەی گشت لایەنەکانی تیپی ناوبراو بخەینە بەردەستی ئێوەی بەرێز هیوادارین بەگوێرەی پێزی بابەتەکە خۆی توانیبێتمان تیشکێك بخەینە سەر هەوڵو تەقەلای ئەم تیپە لە رێگای پێش خستنی هونەری کوردیدا کە بە گوێرەی توانای خۆی لە هەوڵو تەقەلای خزمەت کردنی لایەنی هونـــەری خۆیاندا کەم تەرخەمییـــان نەکردووەو ئەندامەکانی ساڵ لە دووای ساڵ زیاتر قۆڵی خۆ هیـــلاك کردنو هەوڵی راستەقینەی لێ هەڵ کردووەو هەرچەنـــدە ماوە درابن قسوریان نەکردووە ، هیوادارین جێگای رەزامەندی تیپی ناوبراوو هەموو خوێنەرانی بەرێزیش بێتو لە ســـەرەتاشدا پڕ بەدڵ سوپاسی هـــەردوو هونەرمەند کاوە احمد میرزاو فاضل قەساب ئەکەم ، کەلە ئامادە کردنی ئەم تۆمارەدا یارمەتیەکی باشیان دامو ئاواتە خوازم وێنەیان زۆربێت بۆ خزمەت کردنی هونەری نەتەوەکەمان .

● ڕا گوزاریەکی خێرا بــــە مێژووی دەساڵەی تیپ دا .

+ لە ٤-٢-١٩٦٠ دا بە رەسمی دامەزرا

+ یەکەم جار لە دوو بەشی ســـەرەکی پێك هات بەشی نواندنو بەشی مۆسیقا .

+ بەبۆنەی دامەزراندنی تیپەوە لە ٢٦-٢ تـــــا ٤-٣-١٩٦٩ تیپ ئاهەنگێکی هونەری ساز کرد ، کـە گۆرانی ومۆسیقاو گەلێ بابەتی ترو چیرۆکێکی خۆماڵی بە ناونیشانی « گیسك نیە بزنە »ی تیا پێشکەش کرا.

+ له ١-٩-١٩٦٩ بەشی مۆوسیقا له تیپ جیا بووەوە .

+ بۆ یەکەم جار له مێژووی هونەری شانۆی کوردیدا تیپی نواندنی سلیمانی بەرهەمی له تەلەفزیۆندا تومار کردووەو یەکەم بەرهەمێ له تەلەفزیۆن تۆمار کرا چیرۆکی (خواله سولتان محمود گەورەترە) بو کەرۆژی ٢١-٣-٩٧٠ له تەلەفزیۆنی بەغدا تیپی ناوبراو تۆماری کردووە .

+ ١٠-٣-٩٧٠ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (تیشکی هونەری) دەرکرد که شتێکی بەپێزی هونەری چاك بوو .

+ ٨-٨-١٩٧١ رژێمی نلوخۆیی تیپ گۆڕرا بۆ ئەوەی لەگەڵ رێرەوی تازەی تیپ دا بگونجێت .

+ ٢٥-٢-١٩٧٢ بوو که به شانۆگەری (شاخەوانی مەزن) هاوبەشی میهرەجانی یەکەمی شانۆی کوردیان کردووە .

● ئامانجەکانی تیپ به پێی سفتی دووەم لە ماددەی یەکەمی رژێمی ناوخۆی تیپ بریتیه له مانه :-

« بەشدار بوون له هۆشیار کردنەوەو خزمەت گوزاری کۆمەڵداو پشتگیری کردنی هەموو ئەو بیروڕاو ئامانجانەی کۆمەڵ پیرۆزی لێ کردووە ، هەروەها به شداری کردن له هاندانی بزوتنەوەی هولەری‌و رۆشنبیری‌و ویژە پیدا بەهۆی ساز کردنی ئاهەنگی شانۆیی‌و ئیستگەی تەلەفزیۆنی‌و سینەماوە ، هەروەها گیرانی ئاهەنگی مۆسیقاو دەرکردنی گۆڤارێکی ناوبەناو به ناونیشانی تیشکی هونەر » .

● وتەی تیپ له بەرنامەی یەکەم بەرهەمیدا

میوانانی خۆشەویست

سڵاوی برایەتی و خۆشەویستی‌و دلسۆزی

خزمەت کردن‌و گەشانەوەی هونەری کوردی که چەندەها ساله گەردی کەمتەرخەمی لێ نیشتووە ، ئیمرۆ به تواناو کۆششی هونەرمەندانی جگەر سۆز باراوی ئەکەین . هەتا ئێوه لەگەڵ ئەوەی داهاتوودا جێگای شانازیتان بێت ، ئەمەش به دارشتنی بناغەیەکی بەهێزی هونەر ئەبێت له وڵاتی کوردەواریماندا ، هەرئەم ئامانجەش هانی داین بو پێك هێنانی تیپەکەمان که نیازی بوژاندنەوەی هونەرەو هیچ ئامانجێکی تری نیه ، له کاتێکدا ئێمه ئەم ئاهەنگەمان ئەکەینە دەسکەگوڵی دەستمان‌و له رۆژانی جەژنی پیرۆزدا پێشکەشتانی ئەکەین هیوامان زۆرە که ئەو مەبەستەی ئێمەی هێناوەتەکۆڕەوە بەرەو پێش مل ئەنێت بۆ خزمەتی ئێوەو دلنیاشین که بەیارمەتی بەردەوامی ئێوه هەمیشه بەرەو پێشکەوتن ئەڕۆین .

دیسانەوە لەگەڵ پێشکەش کردنی ئەم ئاهەنگەدا (که تەنیا له هەفتەیەکدا توانیمان بیهێنینه بەرهەم) بانگی هەموو لایەك ئەکەین بۆ یارمەتی‌و پێشنیارو رەخنەی بەکەڵك . به تایبەتی دوای ئەوەی تکا له خوشکانی خوێندەوار ودلسۆز ئەکەین که بێن لەگەڵماندا بەشدار بن‌و نەریتی چەوتی نەمامی‌و بەرژینی ترس‌و لەرز بشکێنن‌و بێنه کۆڕی خزمەت کردنی گەلەوە . له ئێمەشەوە هەموو سوپاس‌و رێزگرتن‌و یارمەتیەك به ئیش کردن‌و رەوشت بەرزی‌و پارێزگاری کردنی بەرزموەندی‌و شکۆی ئێوە . لەدواییدا داوا له یەزدانی گەورە ئەکەین که هەموو هاونیشتمانی‌یەکی بەکەڵك سەربخات له رێگەی خزمەت کردنی گەل‌و نیشتماندا .

تیپی نواندنی سلێمانی

شوباتی ١٩٦٩

● وتەی تیپ له دوابەرهەمیدا که پردی ئارتایه

دوا بەدوای تاقی کردنەوەکانی تیپ‌و قاڵ بوون له مەسەلەی گرنگی شانۆو دەوری شانۆدا ، ئەوەمان کردۆته پرۆگرام که تیپی نواندنی سلێمانی هەمیشه هەلگری دروشمی داهێنان‌و نوێ کردنەوە بێت‌و له رێبازێکی راست‌و دلسۆزانەوە بەئێوەی خۆشەویست بکات . ئەم بەرهەمەمان نموونەیەکی راستەقینەی دلسۆزی‌و هاوبەشی کردنه . ئەمانەوێ لە

بەرهەمەکانی تیپدا زیاتر ئەوە پیشان بدەین و لەسەر ڕێبازی بڕوامان بەهونەرو جەماهیر چەند تاقی کردنەوەیەک پێشکەش بکەین کە لە تەکنیک و ڕێبازی هونەریدا جیاوازن بەڵام هاو ئامانجن و یەک مەبەست کۆیان ئەکاتەوە لەرێ ڕەوی بزووتنەوەی هەموویان خزمەتی شانۆی کوردی ئەکا .

تیپی نواندنی سلێمانی
کانوونی یەکەمی ١٩٧٨

● ڕاگوزارێك بەدەستەکانی بەڕێوەبەری یەك لەدوای یەکی تیپدا لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکەم جاریدا .

● دەستەی دامەزرێنەری تیپ :

١ ـ سمکو عزیز فرج
٢ ـ حسن حسین کریم
٣ ـ برهان عبدالکریم رشید
٤ ـ عمر علی امین
٥ ـ احمد سید محمود معروف
٦ ـ انور عمر قرداغی
٧ ـ نوری اسماعیل فتاح .

● یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری تیپ لە ١٠ـ٢ـ٩٦٩ وە بۆ ٣ـ٤ـ١٩٧٠

١ ـ عمر علی امین
ـ سەرۆك .
٢ ـ انور عمر قەرەداغی
ـ سکرتێر .
٣ ـ احمد سید محمود معروف
ـ بەڕێوەبەری هونەری .
٤ ـ نوری اسماعیل فتاح
ـ ژمێریار
٥ ـ سمکو عزیز فرج
ـ ئەندام
٦ ـ برهان عبدالکریم رشید
ـ ئەندام
٧ ـ حسن حسین کریم
ـ ئەندام

● لە بەرواری ٢٠ـ٨ـ١٩٦٩ دا کاك عمر علی امین وازی لە سەرۆکایەتی تیپ هیناو کاك انور توفیق کرا بە سەرۆکی تیپ

● دووەم دەستەی بەڕێوەبەری تیپ لە ٤ـ٤ـ٩٧٠ وە بۆ ٢ـ٤ـ١٩٧١ .

١ ـ احمد دەنگ گەورە
سەرۆك
٢ ـ برهان مصرف
سکرتێر
٣ ـ کامل قادر
ژمێریار
٤ ـ سمکو عزیز
ئەندام
٥ ـ حسن حسین کریم
ئەندام
٦ ـ عمر کریم فتح‌الله
ئەندام
٧ ـ صلاح فرج
ئەندام

● **تێبینی :**

(١) لە بەرواری ١٣ـ١١ـ١٩٧٠ دا کاك سمکو عزیز کرا بە سەرۆکی تیپ لە بەر چوونی سەرۆکی پێشووی تیپ بۆ بەغداد . هەروەها کاك عمر توفیق دڵپاك بە ئەندامی (احتیاط) ی دەستەی بەڕێوەبەر بوو کرا بە ئەندامی تەواوی دەستەی بەڕێوەبەر . .

(٢) لە بەرواری ٢٢ـ١١ـ١٩٧٠ کاك صلاح فرج لە بری کاك کامل قادر کرا بە ژمێریاری تیپ .

(٣) لەبەرواری ١٢ـ١٢ـ١٩٧٠ دا کاك کاوە احمد میرزا کرا بە سکرتێری تیپ .

● سێیەم دەستەی بەڕێوەبەری تیپ لە ٣ـ٤ـ٩٧١
بۆ ٢٠ـ٤ـ١٩٧٣

ـ سمكو عزيز فرج
سەرۆك
ـ كاوە احمد ميرزا
سكرتێر
ـ غازی بامەرنی
بەڕێوەبەری هونەری
ـ كمال رشيد شريف
ژمێریار
ـ طالب بەرزنجی
بەڕێوەبەری ئیدارە
ـ برهان مصرف
ئەنــدام
ـ صلاح فرج
ئەنــدام
ـ عمر توفيق
ئەندام (احتياط)
ـ محمد علی نوری
ئەندام (احتياط)

● چوارم دەستەی بەڕێوەبەری تیپ لە ٢١ـ٤ـ٩٧٣
بۆ ٢١ـ٦ـ١٩٧٥

ـ سمكو عزيز فرج
سەرۆك
ـ كاوە احمد ميرزا
سكرتێر
ـ طالب بەرزنجی
بەڕێوەبەری ئیدارە
ـ غازی بامەرنی
بەڕێوەبەری هونەری
ـ كمال رشيد شريف
ژمێریار
ـ برهان مصرف
ئەنــدام
ـ صلاح فرج
ئەنــدام
ـ محمد علی نوری
ئەندام (احتياط)
ـ عمر توفيق دڵپاك
ئەندام (احتياط)

● وازهێنانی کاك طالب بەرزنجی قبوڵ کرا وکاك علی نوری کرا بە تەواوی دەستەی بەڕێوەبەر.

● پێنجەم دەستەی بەڕێوەبەری تیپ لە ٢٢–٦–١٩٧٥ وە بۆ ٤–٨–١٩٧٧

١ ــ سمکو عزیز فرج
سەرۆك
٢ ــ کاوە احمد میرزا
سکرتێر
٣ ــ غازی بامەڕنی
بەڕێوەبەری هونەری
٤ ــ کمال رشید شریف
ژمێریار
بەڕێوەبەری ئیدارە
٦ ــ برهان مصرف
ئەندام
٧ ــ عمر علی امین
ئەندام
٨ ــ محمد علی نوری
ئەندامانی احتیاط
٩ ــ نوزاد حسین
ئەندامی احتیاط
١٠ــ عمر توفیق
ئەندامی احتیاط

● شەشەم دەستەی بەڕێوەبەری تیپ لە ٥–٨–١٩٧٧ وە هەتا ئێستا

١ ــ سمکو عزیز
سەرۆکی تیپ
٢ ــ کاوە احمد میرزا
سکرتێر
٣ ــ صلاح فرج
بەڕێوەبەری ئیدارە
٤ ــ کمال رشید شریف
ژمێریار
٥ ــ غازی بامەڕنی
بەڕێوەبەری هونەری
٦ ــ عمر توفیق
ئەندام
٧ ــ محمد علی نوری
ئەندام
٨ ــ برهان مصرف
ئەندام
٩ ــ نوزاد حسین
ئەندام

● سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ کاك غازی بامەڕنی بۆ خوێندن چووە فەرەنساو لە بری ئەو کاك فاضل قصاب کرا بە بەڕێوەبەری هونەری تیپ .

● تیپی نواندنی سلیمانی ئەبووایە ناوبەناو گۆڤاری تیشکی هونەری بڵاو بکردایە تەوە ــ بەڵام داخەکەم تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچوو و ئیتر نەمان دیەوە ، بۆیە هەر لە بەرتاقانەیی وا وێنەی بەرگو ناونیشانی ئەوبابەتانەتان ئەخەینە بەردەست کە لەو ژمارە تایبەتیانەی تیشکی هونەردا بوون .

١ ــ بەرگی یەکەم وێنەی خوشکە گەزیزە بوو .
٢ ــ ئامانجی تیشکی هونەر فەتاح کاوە
٣ ــ دەرهێنان احمد محمود دەنگ گەورە
٤ ــ لێدوانێك لەگەڵ مامۆستا هەردی
٥ ــ فۆلکلۆری نیگاری کوردی عومەر عەلی ئەمین
٦ ــ چەند پرسیارێك لە ئەدیبو نووسەری بەناوبانگ شاکر فتاح
٧ ــ ستانسلافسکیو رەوشتەکانی شانۆ حەسەن تەنیا
٨ ــ چیرۆکی ژمارە (بەناوات گەیشتو) ئاوارە
٩ ــ وردەواڵە .
١٠ــ دەرویش عبدالله (هۆنراوەی گۆران) .
١١ــ دەمە تەقێیەك لەگەڵ خوشکە گەزیزە
١٢ــ لەبەر نازی چاوبازان (هونراوە) وەفایی
١٣ــ ئافرەتو شانۆ (هونراوە) حمە رشید هەرەس
١٤ــ پرسیارو وەڵام
١٥ــ هەواڵێك لە دانیشگای سلیمانیەوە .

● هەر بە بۆنەی دامەزراندنی تیپەوە بەهەلم زانی کەڕای هەندێ هونەرمەندان وەر بگرمو هەندێ پرسیاریان ئاراستە بکەم والێرەدا وتەو دەمە تەقێی هەندێ لە هونەرمەندانتان پێشکەش ئەکەین .

● هونەرمەند مصطفی قەسیم ئەندامی تیپ بەم بۆنەیەوە ئەڵێ : ــ

+ گومان لەوەدا نیە کە هەر هونەرمەندێك جۆرە ڕێگایەك دەست نیشان ئەکات بۆ خزمەتی هونەرەکەی وئاواتی سەرکە وتنیشی بۆ ئەخوازێ ومنیش ئەم ڕێگایەم گرتۆتە بەرو ئامانجیشم ئەوەیە کەوەك هونەرمەندێکی ڕاستەقینەی دڵسۆز بێمە پێشەوە ،

له ناخمەوە پێ‌وچان بم له خزمەتی شانۆی کوردی رەسەندا وئەوەی پالێ پێوەنام بچمه پەیمانگا ئەوەیه که خزمەتی هونەره کەمان بەشێوەیەکی راستەقینەو زانستانه پێبکەیەنین‌و بناغەی شانۆکەمان بەبارمەتی هەموولایەك لەسەر زەویەکی پتەو دابرێژین .

● تیپی نواندنی سلیمانی کتێبخانەیەکی خنجیلانەی هەیەو هونەرمەند عمر دلپاکیان کردووه به لێ پرسراوی ئەو کتێبخانەیه ، که له هونەرمەندی ناوبراومان پرسی‌دەربارەی کتێبخانەکه وتی : ــ

+ ئاشکرایه که هونەری کوردیمان جار لەدوای جار پەرە ئەسێنێ‌و هەنگاو بەرەو پێشەوە ئەنێت .. جا بۆئەوەی رێگای بەرەو پێش چوونی ئەم هونەره باشتربێ‌و بتوانرێ زیاتر خزمەت به جەماوەر بگەیەنرێت ، پێویسته لەسەر ئەو هونەرمەندانەی لەم بوارەدا ئیش ئەکەن به هیوای ئەوەی شانۆیەکی رەسەنی کوردی بەرپا بکرێت‌و شارەزای یەکی تەواو لەرووی هونەری‌یەوە پەیدا بکات ولەرۆشنبیری هونەریدا خۆی قالْ بکات ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش تیپەکەمان کتێبخانەیەکی جوان‌و خنجیلانەی رازاندۆتەوە بەجۆرەها کتێبی بەکەڵك له شانۆگەری جیهانی جۆراوجۆرو لێکولینەوەو کتێبی هونەری تری بەنرخ بۆئەوەی ئەندامان سوودی لێ وەربگرێت‌و بیخوێنێتەوە . وەله رادەی رۆشنبیری له نلو ئەندامەکاندا پرۆژەیەکی رۆشنبیریمان به دەستەوەیه بریتی‌یه له سازکردنی چەند کۆرێکی رۆشنبیری بۆ ئەندامانی تیپ ، لەم کۆرانەدا دەست نیشانی ئەو خاڵه سەرەکیانه ئەکرێت که ئەبنه هۆی پەرە پێدان‌و سەرکەوتنی شانۆی کوردیمان .

● هونەرمەند کاك فاضل قەساب بەرێوەبەری هونەری‌ی تیپەو ئەوە ماوەیەکه له کارکردندا گەلێ هەولێ تازەی داوە بۆیه هەندێ پرسیاریان ئاراسته کردوو دەرباری کارە هونەریه تازەکان لێمان پرسی : ــ

● کاك فاضل قصاب

● ئەو بەرهەمانەی که تیپ له هەندێ موناسەباتدا پێشکەشی کردوون

ژمارە	ناوی بەرهەم	نووسەر یان ئامادەکەر	دەرهێنەر	شوێن‌و رۆژی پێشکەش کردن
١ــ	کاوەی ئاسنگەر	جەمال بابان	احمد دەنگی گەورە	١٩٧٠/٣/٢١ بەغداد ــ هۆلی خلد، بەبۆنەی رۆژی نەورۆزەوە.
٢ــ	داوی مەرگ	هیو مونرو	غازی بامەرنی	١٩٧٢ ئامادەیی سلێمانی کوران ، بەبۆنەی دابەش کردنی خەلاتی بابانەوە .
٣ــ	نیو سەعات	عمر دلپاك	عمر دلپاك	١٩٧٣ چالاکی قوتابخانەکان،بەبۆنەی رۆژی شانۆی جیهانەوە.
٤ــ	چاوی کوردستان	امین میرزا کریم	غازی بامەرنی	١٩٧٣/٦/١٧یانەی فەرمانەران ــ یادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد .
٥ــ	شاخەوانی مەزن	غازی بامەرنی	غازی بامەرنی	١٩٧٤-بەغداد هۆلی خلد ــ میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی.
٦ــ	رێ‌رەوی گەل	غازی بامەرنی	غازی بامەرنی	١٩٧٥/١١/١٨ یانەی مامۆستایان .
٧ــ	مالی شێتی‌ی	توفیق فیالی	فاضل قصاب	١٩٧٨/٣/٢٧ چالاکی قوتابخانەکان . رۆژی شانۆی جیهانی.

● بەرهەمەکانی تیپ کە تەلەفزیۆن تۆمارکراون

ژمارە	ناوی بەرهەم	نووسەر یان ئامادەکەر	وەرگێڕ	دەرهێنەر	بەرواری تۆمارکردن
١ــ	خوالە سولتان محمود گەورەترە	پەندی پێشینان		احمد دەنگ گەورە	١٩٧٠/٣/٢١ تەلەفزیۆنی بەغداد
٢ــ	مشتەی ئاوهەمانەکە کوشتومی	پەندی پێشینان		عمر علی امین	١٩٧٠/٣/٢١ تەلەفزیۆنی بەغداد
٣ــ	دەوەن بەئاشە	پەندی پێشینان		عمر علی امین	١٩٧٠/٣/٢١ تەلەفزیۆنی بەغداد
٤ــ	مەکری ژنان	نجم‌الدین مەلا		برهان مصرف	١٩٧١/٢/١٢ تەلەفزیۆنی بەغداد
٥ــ	لە چاپخانەدا	کاوە احمد میرزا		سمکو عزیز	١٩٧١/٢/١٢ تەلەفزیۆنی بەغداد
٦ــ	تاوان	کاوس زەنگەنە		سمکو عزیز	١٩٧١/٢/١٢ تەلەفزیۆنی بەغداد
٧ــ	دڵۆ پێ خوێن	طە بابان		طالب بەرزنجی	١٩٧١/٢/١٢ تەلەفزیۆنی بەغداد
٨ــ	نرخی ئازادی	عمانوئیل روبلس	طالب بەرزنجی	طـ	١٩٧٢/٢/٧ تەلەفزیۆنی بەغداد
٩ــ	قەیسەرت لە بیرنەچێ		کاوە احمد میرزا	غازی بامەڕنی	١٩٧٢/٢/٧ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٠ــ	بازرگانی شەر	کاوە احمد میرزا		غازی بامەڕنی	١٩٧٢/٢/٧ تەلەفزیۆنی بەغداد
١١ــ	هاورێ ونیۆ	طالب بەرزنجی	----	سمکو عزیز	١٩٧٢/٤/٤ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٢ــ	ئافرەتی داوێن پاك	صالح یحیی		غازی بامەڕنی	١٩٧٢/٤/٤ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٣ــ	من کێم	ناظم حکمت		برهان مصرف	١٩٧٢/٩/٥ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٤ــ	پیری ئافرەشەر	ن/مولێر/ علی جولا	علی جولا	سمکو عزیز	١٩٧٣/١/٦ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٥ــ	دزی زۆرزان	غازی بامەڕنی	طالب بەرزنجی	غازی بامەڕنی	١٩٧٣/١/٦ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٦ــ	کوتایی زۆردار	غازی بامەڕنی	کاوە احمد میرزا	غازی بامەڕنی	١٩٧٢/٦/٢٣ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٧ــ	فیلەکەی خاوەن شکۆ	سعدالله ونووس	کاوە احمد میرزا	غازی بامەڕنی	١٩٧٥/٧/٢٤ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٨ــ	فەضلەی طەریق	عمر علی امین		عمر علی امین	١٩٧٥/٩/٦ تەلەفزیۆنی بەغداد
١٩ــ	شەمامەو خاڵخاڵ	عمر علی امین		سمکو عزیز	١٩٧٥/٩/٢١ تەلەفزیۆنی بەغداد

وەك بەریوەبەری هونەریی تیپ چ دەوریكتان هەبووە لە هەندێ گۆڕانكاری تازەدا كە لەسەردەمی خۆیدا پەیڕەوی نەئەكراو بایەخی پێ نەئەدرا وەك دیكۆر ، ڕووناكی ، هۆڵ .

وەڵام :

هەموو سەرەتای دەست پێ كردنێك كە نیوە ناچڵ بێ‌و نەلكێنرابێ بە تاقی كردنەوەی قووڵ‌و دەوڵەمەندەوە ، ناتوانێ زۆر ئامانج‌و مەبەست بپێكێ جا لەلایەن كەسێكەوە بێ یان لەلایەن تیپێكەوە . تاقی كردنەوە ، بریتی یە لە مێژووی هونەرمەندا ، تاقی كردنەوەی هەر تیپێكیش لایەنێكی مێژووی بزووتنەوەی شانۆیی كوردی پێك ئەهێنێ .

تیپی نواندنی سلیمانی لە قۆناغێكدا هاتە پێشەوە لەوە ئەچوو بەگژ سەردەمەكەیدا بچێ ، لە كۆمەڵێكدا ، دوا كەوتوو ، جێماو لە شارستانێتی‌و بێ‌ئاگا لەدنیای تەكنۆلۆژیا ، كەم تاقی‌كردنەوە لەزووربەی بوارەكانی ژیانیدا ، تاقی كردنەوەی نشووستی‌و نەهامەتی نەبێ . تیپیش ... نەئەكرا هەر لە سەرەتاوە سەركەوتنی تەواو بەدەست بێنێ وهەر شتە مافی خۆی بداتێ . لە گەڵ ئەوەشدا

كەچەند مامۆستایەكی شارەزاو كارامە ئیشەكانیان رایی ئەكردو خاوەنی تاقی‌كردنەوەی لەوەبەریش بوون . بەڵام هەموو تاقی‌كردنەوەكانی رابوردوو بەو جۆرە نەبوون كەوانەی زۆر گەورە بن‌و پێداویستی تازە بهێننە كایەوە . رەنگە جۆری كار كردن‌و بەدەنگەوە هاتن‌و بەربڵاوی كاری دوێنێ‌و ئەمڕۆ لای هەمووان ئاشكرا بێ ، هۆی سەرەكیش مێژووی هونەرمەندو مێژووی تیپەكانە ، لەبەر ئەوەش كە ئێستا ئیش كردن هەمیشە بەردەوامەو بێ وەستانە ، هەر بەرهەمێك ئەبێتە پۆلێكی ئەكادیمی بۆ ئەندامانی تیپ‌و بەرهەمی داهاتوو . تیپی ئێمەش وا (١٠) ساڵێ تەواوە لە تاقی كردنەوەیەكی بەردەوامدا ئەژی ولەگەڵ تیپەكانی تری كوردستاندا تاكە ئەكادیمیاو ئامۆزگای درامان تیایدا فێر ئەبین‌و تاقی‌كردنەوەكمان زۆر ئەكەین .

ئەو كورتە باسە ڕووناكی یەك ئەداتە سەر چۆنێتی مامەڵە كردن لەگەڵ هەندێ رەوشتی شانۆیی .

رەنگە لەسەرەتادا هەموو هەوڵێكی تیپ لە مەسەلەی ڕووناكی‌دا ئەوە بووبێت كە شانۆكە ڕووناك بكرێتەوەو لەش‌و رووی ئەكتەرەكان دەركەوێ ، هەر چەندە كەرەسەكانیش كەرەسەی راستەقینەی شانۆ نەبوون‌و لەلایەن ئەندامانی تیپەوە دروست كرابوون ، بەڵام لەگەڵ زۆر بوونی تاقی‌كردنەوەكانی تیپدا ڕووناكی بە جۆرێكی تر بەكار هێنراو هەر برۆجكتەرێك دوای‌باس‌و لێكۆڵینەوە شوێنی خۆی ئەگرێ . هەروەها سەبارەت‌دیكۆریش ، كەسێكی شارەزا دیاری

ئەکرێو راوێژ لەگەڵ دەرهێنەر ئەکاو لەماوەی دیاری کراودا بەپێی گەورە و بچووکیو پێوانەی ئەو شانۆیەی لەسەری پێشکەش ئەکرێ دیکۆرکێش نەخشەی دیکۆری شانۆگەری‌یەکە پێشکەش ئەکا ئینجا لەسەر ئەو نەخشەیە کەدەرهێنەر پەسەندی ئەکات پراوەی شانۆگەری‌یەکە دەست پێ ئەکا . وانیازە لە بەرنامەی کاری تیپدا لەمەودوا زیاتر برەو بەو مەسەلەیە بدرێتو کەسانێ هەبن کە پسپۆر بن لە نەخشە دانانو جێبەجێ کردنی دیکۆردا .

دەربارەی رێکخستنی هۆڵ ، لە سەرەتادا جیاوازی بۆ قوتابیان پێشکەش ئەکراو رۆژێك بۆ ئافرەتان ، رۆژێك بۆ کاسبو ئابەو جۆرە . تاقی کردنەوەکانی تیپ ئەو جیاوازی‌یە چینایەتیو پیشەیی‌یەی نەهێشتو ئێستا هەموو کەس لە ئافرەتو پیاو دێنە هۆڵەوە بێ هیچ جیاوازی یەك .

ئیتر هێشتا ئاواتی گەورەو پیرۆزمان لەبەر دەمایەو هیوادارین بتوانین بەجێیان بێنینو هونەرەکەمان برازێنینەوە .

● هونەرمەندی ناسراو مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی کاتی خۆی لە دەستەی دامەزرێنەری تیپی نواندنو مۆسیقای سلیمانیدا بوو بۆیە لەم یادەدا بە پێویستمان زانی هەندێ بیرەوەری خۆیمان بۆ باس بکات :

+ هەر لەگەڵ دروست بوونی تیپی نواندنو مۆسیقای سلیمانیەوە گەلێ بیرەوەریم لەگەڵیمان دا هەیەو لێرەدا ئەڵێم : ـ

ئەو بەرهەمانەی کە لە سالآنی ۱۹٦۳وە هەتا سالآنی ۱۹٦۷ پێشکەش ئەکران بەرهەمی قوتابخانەکانی شاری سلیمانی بوون ، وە ئەو بۆشای یەی کە لە کاری هونەریدا هەبوو هەوڵ ئەدرا اەو دیۆە پڕ بکرێتەوە ، دروست کردنی تیپێکی هونەری ئاواتی هەموو هونەرمەندێکی شاری سلیمانی‌بوو بەجۆرێ بتوانێ بەئاشکرا کاری هونەری خۆی بکات وە کەس رێگای ئەم کارکردنەی لێ نەگرێ ، پاش ئەوەی کە کۆمەڵێ هونەرە جوانەکان داخرا . لەو ماوەیەدا هەولیك هاتە پێشەوە بۆکارێکی هونەری‌گەورە ئەوەش دەرهێنانی فلیمێکی سینەمایی بوو .. بەڵام لەبەر کەم دەرامەتی نەتوانرا ئەوکارە بێتە دیو جێ بەجێ بکرێت .

ئەوەبو پاش ئەوەی بناغەی تیپی مۆسیقای سلیمانیان دامەزراند لەگەڵ برادەرە هونەرمەندە مۆسیقیەکاندا لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر کە بەهونەری نواندنەوە خەریك بوون داوایەکمان پێشکەش بە وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن کرد بۆ ئەوەی بەرەسمی رێکەمان پێ بدەن بۆ دروست‌کردنی (تیپی نواندنو مۆسیقای سلیمانی) ئەمەش سالی ۱۹٦۸ هاتەدی وە برادەرانی تیپی مۆسیقا بوونە ئەندام لەم تیپەدا ، وە بە گیانێکی لە خۆبووردن و لە گەڵ برادەرە هونەرمەندەکانی نواندن دەستیان کرد بە بەرهەم پێشکەش کردن ، تەنانەت بەکەم بەرهەم پاش ماوەیەکی زۆر کورت بوو کە رێکەوتی‌جەژنی قوربانی پیرۆزی ئەکرد بەیانیانو ئێواران ئەو پرۆگرامەی ئامادە کرابوو پێشکەش ئەکرا لە سەر هۆڵی ئامادەیی کوڕانی سلیمانی ، پاش ئەمەش چەندە ها بەرهەمەمی رەنگاورەنگی تر پێشکەش کرا لە سلیمانیو هەولێرو بەغدا و هەمووشیان سەرکەوتو بوون ، بێگومان نواندنو مۆسیقا پەیوەندیەکی زۆریان هەیە پێکەوە ، بەڵام جۆری هێنانەدی کارە کەوپەێویستی هەریەکەیانو بۆچوونی

هەر لایەك بۆ بەرهەم هێنان تاراد‌ەیەك جیاوازی هەیەو هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو بەرەزامەندی هەمــــوو برادەرانی تیپ بڕیاردرا تیپی مۆسیقا لە تیپی نواندن جیا ببێتەوە وئیتر دوای وەرگرتنی ئیجازەی تیپی مۆسیقای سلیمانی هەردوو تیپ پێکەوە دەستیان کرد بە ئیش کردن وپەیوەندی زۆر بەتینیان هەبووە وبۆ بەلگەش چەندەها بەرهەمیان پێشــــکەش کردووەو هەرلایەیان زیاتر لە کارەکەیدا رەسەنایەتی هونــەری کوردی بەکار ئەهێنا .

ئێستاش ئەم تیپە پاش ئەوەی دەسال لـــــە تەمەنی بردە سەر لەخۆشیو ناخۆشیدا کۆلی نەداوە لەخزمەت کردنی هونەری کوردەواری ماندا وبەیەکێ لە تیپە هەرە چاکــەکانی هونەری کوردیئەژمێررێت کەهەمیشـــــە لەخۆی بوراوە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی چاکترو کاریگەر ترو جوانتر پێشکەش بە جەماوەر بکات ئیتر چی لەرێگای ئیستگەو تەلەفزیۆنەوە بێت باخۆ لە رێگای شانۆوە بێت . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە هەموو ئەندامانی تیپەکە بە گیانێکی برایەتـــــی وهەست بەلێپرسراوی خۆیان ئەکەن بەرامبەر بەو هونەرەی پێشــکەشی ئەکــــەن .. وابزانم زۆریش ئاشکرایە کە هەولێ ئەم تیپە زۆر کاریگەر بووە بـــۆ هاندانی زۆر گەنج ولاوی کورد کە بچنە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بۆ تەواو کردنی خوێندنی شانۆو لایەنەکانی تریش. لە کۆتاییدا ئەلێم هەر سەرکەوتوبی بۆ خزمەتی هونەری نەتەوەکەمان .

● هونەرمەند ئەحمەد سالار ســـەرۆکی تیپــی پێشرەوی شانوی کوردی لەم بیرەوەریەدا ئەم چەند دێرەی پێوتین .

+ دە سالٚ لەمەوبەر لەشارە شیرینەکەی باوەش چیاگەردن گەشەکاندا کە لوتکەی بەبالآی پیرەمەگرون بالۆێزیانە لە پایتەختی ولآتی هەورو ئاسمانا ..... دەرختێکی سەوز ژیا لەدایك بوو ، بالەکانی کردەوە بۆ بوون بە هێلانەو پەنای ئارام گرتنی بالندە نــەرم نیانەکان لەسای ســـــێبەریا بوژانەوە ئاهی هیـوا بەگیانیانا هاتەوە ، ماندوێتی یان دەرچوو ، دلنیایی نایە تۆی پریاسکەیانەوە .

پێش دە ســــالٚ بایوەشــــتێ شنەی کردوو شکۆفەی پێداو هێنایە خەندە ، نۆبەرەی نایە بەرخپەی دۆستانەوە بە نیازی دیاری مرگێنیو گۆێزە بانــــەی بەشرایەوە ... چاوی هەلهاتوو کەوتە سەرخولیاو خەیالی هاورێیەتی لەتەك گشت جوانیەکانو کەلکە لەی خۆشەویستیو دلداری خۆرو باران لەکەلەی داو لە خوێنیا گەرای دانا .

دە سالٚ لەمەوبــــەر رۆژ ژمێرێك هەنگــاوی خستەوەو بووەکانییەك بووە سەر چاوەیەکی رووناكو رۆوشن ، سەراپا وەرزەکانی کێلگەکانیکردە بەهاری کچی جوانی ... سرود رووا ، چاو چەپکــەگولێ بوو ، بەبەرۆکی هەرزەکارە بێ ســروەتە شەیداکانی رێگــای بەردەوامییــــەوە بوو ... خۆزگــــــە لەشەقەی بالی سەربەستی داو سنورەکانی لەخەوی رێگــای بەردەوامییــــەوە بوو ... خۆزگـــــە کێووکەژیبلندا زولآلێیان لێدەزرنگایەوە .. هاورێکانم ئەم بەیتە داستانی سوارێك بوو کە دەساڵە هەنگاو دەنێ ... بە سەر هاتی دەساڵەی کۆرپەیەك لەدایك بوو بانگیان بەگوێــــدا چریکان بە تیپی نوانــــدنی سولەیمــــانی ... دەك پیرۆز بێت گوڕی بەگوڕی بەگوڕتری پاش دە ساڵە .

● هونەرمەند مامۆستا عەلی جۆلآ ســــەرۆکی کۆمەلی هونەرو وێژەی کوردی ـ مەلبەندی سلیمانی وتی : ـ

+ لە ئارەقی نێو چەوانی ئەکتەرەکان گولێ
لە ناخی پاكو پیرۆزی هونەرمەندان گولێ
لە هیوای دوارۆژێکی رووناكو ئاسۆیەکی نوێ گولێ

لە دەروونی پاكو بێ گەردی هونەرمەنـدانو بەردەوامی بەرهەم گولێ : ـ

بۆ سەر تەمەنی پیرۆزی تیپی نواندنی سلیمانی لە گەل ریزی هونەرمەندانی کۆمەلێ هونەروو وێژەی کوردی ـ مەلبەندی گشــتی سلیمانی ـ پێشکەش ئەکەینهیوای سەرکەوتنو بەردەوامیتان بۆ ئەخوازین کە ئەو چرا نازدارەی هونەری کوردی هەردەم رونکی بدات بە جەماوەری کوردمانو لەگەل هەموو چراکانی تردا ، رێچکەی خزمەت گوزاری بەرنــەدا تا بۆنو بەرامەی بەرهەمەکانتان هەموو شوێنێك بگرێتەوە ، ئەم سەردەمەی پێ رووناك کەینەوە ، سوتەمەنیەکەش ئەو هونەرمەنــــدە لەخۆ بوردوە بــە جــــەرگانەن کەهۆشــــیارانە قۆل ئەکــــەن بـــەقۆلییەکــداو تێ ئەکۆشــن تابــــەر پێیــان رووناك بێتــــەوە ، ئــەو تــەمو مژەی بالــــی کێشــاوە بەســــەر هونەری کوردیدا ڕای مالێ تابتوانن بناغەیەکی ڕەسەنو

پتەو بۆ هونەری نەتەوەکەمان دانێن بۆ ئەوەی لەکاروانی شادمانیو خۆش گوزەرانی نەتەوە بەختەوەرەکانی جیهاندا دوانەکەوین ، جارێکیتر لە کانگای دڵەوە پیرۆز بایبتان لێ ئەکەین ، ئاواتمان تەمەنی درێژتانە . رێزو سلاو بۆ ئەوانەی کاروانی هونەری کوردی رەسەن بەرەو پێش ئەبەن ، سلاو بۆ هەموو هونەرمەندێکی ڕاست گۆو لەخۆ بوردو کەئامانجی پێش خستنی هونەری کوردیە .

● لەهونەرمەند عبداللە محمود مان پرسی خۆشەویست ترین دەورتان لەگەڵ تیپی نواندنی سلیمانیدا چیبووە ؟ . ئەویش ووتی .

+ خۆشەویست ترین دەورکە لەگەڵ بەرهەمەکانی تیپەکەماندا بینیومە دەوری کرێکارێك بوو لە شانۆگەری پردی ئارتادا .

● بۆچی ئەم دەورەت بەخۆشەویست ترین دەورهەڵ بژارد .

+ چوونکە ئەکتەرێك بووم بۆ تەواوکردی شانۆگەریەکە ، هەرچەندە دەورەکەم بچووك بوو ، بەلام لام خۆشەویستبوو ، چوونکە ئەکتەر تادەوری بچووك نەبینێت ناتوانێت دەوری گەورە ببینێت .

● حەرج ترین هەڵوێست هاتبێتە رێگات کامە بووە .

+ لە کاتی پێش کەش کردنی پردی ئارتادا کارەباکەمان لێ کوژایەوە زۆریان لاگران بوو بەلام بەردەوام بووین تاکارەبا هاتەوە .

● هەر ئەوپرسیارانەی سەرەوەمان ئاراستەی هونەرمەند ئازاد بەرزنجی کردوو ئەویش وتی .

+ دەوری شاگردی وەستا لە شانۆگەری داوێن پاکدا خۆشترین دەوربووە کەلە بەرهەمەکانی تیپ دا دیومە .

+ بۆ حەرج ترین هەڵویست ئەوەم بیرکەوتەوە کەرۆژێك هاتمبۆ بارەگای تیپ ، تەنها کاك فاضل قەساب لەوێ بوو ئەویش نوستبو منیش لەژورێکی تردا دانیشتم کە هەڵسام سەیر ئەکەم کاك فاضل رۆشتوەو دەرگاکەشی داخستوە ، بەراستی نەمزانی چیبکەم هەتا بیری تەلەفۆنەکەم کەوتەوە ، بۆنەگبەتی تەلەفۆنم کرد بۆ نشاطـ وام زانی کاك فاضل لەوێیە کەچیکەس هەڵی نەگرت ، وەللا ئیتر مەجبور تەلەفۆنم کرد بۆماڵی دراوسێیەکمانو هاورێ یەکم نارد کاك فاضلی دۆزیەوەو هات و دەرگاکەی بۆ کردمەوە جا ئەگەر تەلەفۆنەکە نەبووایە ، ئەوا ئەو شەوە لەویا بەندی کاك فاضل ئەبووم .

● لەم یادە پیرۆزەدا حەزمان کرد هونەرمەندان ببینین لە دەرەوەی تیپو رایان وەرگرین . جایەکێك لەو هونەرمەندانەی کەچاومان پێ کەوت هونەرمەند کاك فەرەنسیس داود بوو ئەم هونەرمەندە مۆسیقا ژەنە لە تیپی مۆسیقای سلیمانیو بەم بۆنەیەوو وتی :

● بە بۆنەی تیپەر بوونی ١٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی تیپی نواندنی سلیمانی دا پێخۆشحاڵ گەرمترین پیرۆز بایی پێشکەشی هەموو ئەندامانی تیپو هەموو هونەرمەندانو هونەر دۆستان بکەم .

یەکەم بەرهەمی ئەو تیپەم لەیادەو بە شانازیەوە سەیری یادی ئەکەم ئەویش ئەو ئاهەنگە قەشەنگە بوو کە هەردووای روخسەت دانانی تیپ لە هۆڵی ئامادەیی سلیمانیدا پێشکەشی کرد ئەویش بریتی بوو لەچەند گۆرانیو پارچە مۆسیقاو چەند کورتە چیرۆکێکی تەمسیلیو هەندێ شتی کوتوپڕی تر . لێرەدا ئەمەوێ بڵێم تیپی نواندنی سلیمانی یەکەم تیپەکە مۆسیقا هاوبەشی کات لەبەر هەمەکانیدا (جگە لە مۆسیقای تصویری) ، ئەمەش هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە بووە هەتا ئێستاش لەدووا بەرهەمیدا کە پردی ئارتا بوو . هونەرمەند (غازی بامەرنی) کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات ئەخوێنی دەورێکی شیلودیاریی لە پێشکەوتنی ئەم تیپەدا هەبوو .

ئەوەش جێگای شانازیە تیپی نواندنی سلیمانی

خاوەنی رێ رەوێکی گەورەی لە بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا بینیوە تا ئێستا بەرەو پێشەوە ئەرواتو هۆکەشی هۆی دلسۆزی‌و لە خۆبوردنی ئەندامەکانی لی ودواجار هیوای سەرکەوتن‌و پێشکەوتنیان بۆ ئەخوازم و دیسان پیرۆزبایان لێ ئەکەم .

● هەمدیسان هونەرمەند مامۆستا عثمان خال وتی : ــ

+ هەرچەندە من ئەندام نیم لە تیپی نواندنی سلیمانی‌دا بەلام گەلێ‌هۆی تایبەتی نزیکی خستومەتەوە لەگەلیان وشارەزایان بووم . لە نێوان ئەم تێکەل بوونەم دا ، ئەوەی من هەستم پێ کردبێت لە رەفتاری ئەندامەکانی‌دا ئەوەیە کە هەموویان هەست بە دلسۆزی و ئەمەکداری‌و بەر پرسیاری ئەکەن‌و لە فەرمانی یەکتری دەرنلچن ، گەلێک جار سەرنجم داوەتە هەموویان لەکاتێک دا کە پرۆژیەکی نواندنیان بە دەستەوە بێت ، یان خەریکی کار کردن بن ، هەموو پێکەوە بەدل‌و بەگیان بەرەو رووی کارەکەیان ئەچن‌و بۆ جێبەجێ کردنی هەروەکو هەنگ بەیەکدا دێن‌و دەچن !! . تیپی نواندنی سلیمانی دە سالە دامەزراوە ئەندامەکانی‌لە بیست هونەرمەند تێ نایەرێ ، لە ماوەی دروست بوونیانەوە تائێستا گەلێ بەرهەمی چاکیان پێش کەش بە کۆمەلی کورد کردووە ، جەماوەریش هەمیشە چاوەڕوانی بەرهەمەکانیان ئەکەن وهەرگیز چاویان لێ تێرنابێ چونکە هەر بەرهەمێکیان بگری ، پرە لە ئامۆژگاری‌و رێ‌نمایی بۆ کۆمەلگامان لە رووی سیاسی‌و کۆمەلایەتی لەبەر ئەوە بەهەستێکی راستەقینەو بەدلێکی پڕ جۆشەوە پیرۆز بایی یادی دەسالەی لەدایك بوونی ئەم تیپە نازدارە ئەکەم . .

● کاك ماهر علی محمدی هونەرمەند ئەندامی تیپی نواندنی سلیمانی لەیادی ۱۰ سالەی دامەزراندنی تیپە کەیاندا ئەلێ : ــ

+ وەکو سەرەتایەکی دەست پێ‌کردنی ژیانی هونەریم تازە هاتومەتە تیپی نواندنی سلیمانی‌و شانازی پێوە ئەکەم کە لە یەکەم بەرهەمدا کە شانۆگەری پردی ئلرتابوو هاوبەشیم کرد و دەوری یاساولی دووهەمم وەرگرت‌و خۆشەویستترین دەور ئەبێ لەلام چونکە سەرەتایەکە بۆبڕینی قۆناغی گەورەترو سوپاسی برایانەی تیپ ئەکەم کە ئەو رێگەیان بۆ کردمەوە کەئاواتی چەند سالەم بێتەدی .

● **دەستەی بەڕێوەبەری تیپی نواندنی سلیمانی**

لە یادی دەسالەی دامەزراندنیاندا چەپکەگولی بۆن‌خۆش وەفادارانە ئەخەنە سەر گۆری هەریەک هونەرمەندی خوالێ خۆشبو علی دلخۆش‌و ئازاد حسین‌و ئەوزاد حسین کە کاتی خۆی ئەندامی ئەم تیپەبوونو لە بەرهەمەکانی تیپ دا هاوبەشیان کردووەو پڕ بەدڵو ئەناخیانەوە پەیمانیان بۆ تازە ئەکەنەوە کە رێگای دیاری کراوی راستەقینەی پێش خستنی هونەری رەسەنی کوردی بگرن‌و ئاواتەکانی ئەوان بهێننە دی وەداوای بەهەشتی بەرینیان بۆ ئەکەن .

ئێمەش لەم یادەدا هەزار سلاوی بۆنداو ئاڕاستەی گیانی پاکی ئەو هونەرمەندانە ئەکەین‌و داوای خۆشی گوزەرانی ئەو دنیایان بۆ ئەکەین‌و سلاو لە هەموو ئەو هونەرمەندانەی کورد کە سەربازی ئەناسراوی رێگای پێش خستنی هونەری کوردی بوون .

● مامۆستای هونەرمەند کاك حسن تەنیا یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقاو نواندنی سلیمانی بۆیە لەم یادە پیرۆزەدا چوینەلای ئەو هونەرمەندەو گوێمان لێ‌گرت‌و بەم بۆنەیەوە وتی .

+ تیپی نواندنی سلیمانی بەخواستی پاك‌و هەولی دلسۆزانەی هونەرمەندانی شارە خۆشەویستەکەمان لە رۆژی ٤ــ٢ــ١٩٦٩دا ناوێتەی هەموو ئەولایەنە خزمەتگوزارانە بو کە توانلو لێ هاتوویی لاوە خوێن گەرمەکانی لە ئامێز گرتبوو لە پێناوی هێنانەدی دوا رۆژێکی باشترو دەستە بەرکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانیا بۆ گەل ئەوە بوو کە لە پێشا ناوی

(تیپی نوانـدنو مۆسـیقای سـلیمانی) بوو ، زۆر ئاهەنگی قەشـەنگو شانۆگـەری پێشـکەش بـەجـەماوەرانی سـلیمانیو دەرەوەی کـرد ، بەڵام دوای ماوەیەك وا بە باش زانرا کە تیپی مۆسیقا سەربەخۆ ئیش بکاتو ، ئیتر مایەوە تیپی نواندن کە بەردەوام بوو لەپێش کـەش کردنی شانۆگـەری قەشـەنگ ، چی لە سەرشانۆو چی لەسـەر تەلەفزیۆن و بەکۆڵ نەدانی ئەندامە دڵسۆزەکانی توانی لەزۆر شوێنی ولاَتا بوونی خۆی بسەلمێنێو شوێنی شانازی هەموو ئەو کەسانەبێ کە دڵسۆزن بۆ پێش خستنی هونەری کوردی .

لەیادی دەساڵەی دامەزرانـدنی تیپی نواندنی سلیمانیدا هەزار رێزۆ سلاَوم بۆ هەموو ئەندامانو لایەنگرانی کە هەتا ئێستا بەردەوامن لەکاروانا .

خۆشەویستیو خواستی سەرکەوتنم بۆ هونەری شانۆی کوردیو هەموو ئەوانە کە لە شانۆدا وانەی راستی ئەڵێنەوە . نەمریو سەربەرزی بۆ هەموو ئەو گوڵو خونچانەی کە لە باخچەی هونەرا هەڵوەرینو چوونە ریزی ئازادو نەوزادەوە .

● هەروەها هونەرمەند کاك برهان مەصرەفیش هەر لەو هونەرمەندانەبوو کـەبوونە دەسـتەی دامەزرێنەی ئەم تیپەو لەم یادەدا ئەڵێ : ــ

+ تیپی نواندنی سلیمانی ئەو تیپەیە کە هەر لـە لەدایك بوونیەوە هـەوڵی‌خۆی تەرخـان کردووە وکۆڵنادات لە کۆششدا بۆپێش خستنی هـونەری رەسەنی کوردی و پێش کـەش کردنی بەرهـەمی مرۆڤایەتی هەروەها پەیمانی داوە کـەلە مەولاش بەردەوام بێت لەورێبازە پیرۆزەدا کەگرتویەتی بۆگەشە کردنی شانۆی کوردی . لەماوەی ئەم دەسـاڵەی تەمەنیدا گەلی بەرهەمی نایابی پێش‌کەش کردووە هەر وەها گەلی هونەرمەند شۆرە سوارانە ئیشـیان تیا کردووە بۆ خزمەت کردنی گەلەکەمانو یەکـە ئاواتی منیش ئەوەیە کە هەموو برایەکی هونەرمەند لە کوردستاندا هەوڵ بدات بۆبە رزکردنەوەی رادەی هونەری نەتەوەکـەمان بۆ رادەی هونـەرە پێش کەوتوەکانی جیهان وئەمـەش بەیەکگرتنی هەمـوو هونەرمەندانی کوردستان ئەبێتو بایەخ دانیش بـە منالاَن هەر هۆیەکی‌چاکە کە بتوانین هەر لە منالیەوە هونەرمەندانی بەتوانا دروست بکەین چونکـە منالاَن باشـترین کەرەسـەی پێش‌خستنی هەمـوو لایەنەکانی ژیانن .

پێویسـتە لەسـەر هەریەکێك لەئێمە لـە پەیوەندیەکانیـدا لەگەڵ میللەت مامۆسـتاو قوتابـی بێ

صدام حسين

● ئێمەش لە کۆتایی ئەم تۆمارەدا هەزاران سلاَوی بۆ نخۆش ئاراستەی هەموو هونەرمـەندانی تیپی نواندنی سلیمانیو هەموو هونەرمەندانی کورد ئەکەینو هەمیشە هیوامان سەرکەوتنیانە بۆ پێش خسـتنو گەشەکردنی هونەری رەسەنی کوردیو گەیاندنی ئەم هونـەرەمان بە قافڵـەی هونـەری نەتەوە پێش کەوتوەکانو هەزار سلاَو لەوانەی‌کەلەم رێگایەدا وەکو مۆم سوتانو سەربازی نەناسراو بوون .

تێ بینی

کاتی خۆی رای هونەرمەند مامۆستا عمر علی ئەمینو خوشکە گەزیزەمان وەرگرت ، بەڵام پێش چاپ کردنی ئەم تۆمارە لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ڕاکانی خۆیان وەرگرتـەوەو رازی نەبوون بلاَوبکرێتـەوە وەکو هونەرمەندی ئەو تیپە من لە بیرم نەچوون ! .

*